## **أسماء الله ك (٤)**

بسم لله الرحمن الرحيم

(وَالْعَصْرِ* إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ*إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ*) (العصر)

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له خزمەتتان بەردەوام دەبين له بۆ تەواوكردنى ماددەى اسماءالله الحسنى، لەبەر مەجموعە ئيستيفسارەك برايان خوا ئەجريان بنووسى پرسيتيان و تأكيد و ئيعادەيان لێ كرديە. ماددەى ئەورۆمان بە ئسلوبەكى برێين قيچەك نەرمتر لە حەفتەى پێشترێ ئيعادە دەكەمەوە، ئەمثلەى زياتر لە بۆ دەينين، ئەگەر ديسان ئيستيفسارات هەبوو ان شاءالله پاشى موحاضەرە لە خزمەتين زياتر تەوضيحاتى پێ بدەين.

لە موحاضەرەى سێيەم تەقريبەن شەش قاعيدەمان بەحس كرد. گوتمان: وفقى ئەو قاعيدانە لە ئەسماء و ئەفعالى خواى تێدەگەين، قاعيدەكان مەربوطن بە ذاتى ئەسمائەكان، بە ذاتى ئەسمائەكان وە ئەفعالەكانى رب العالمين. ئەمما دەرسى پێشترێ بەحسى ئا ئەو مەجموعە نوقاطانەمان كرد كە دەبى ئەمە تێمان دا مەوجود بى، ئەمە پێى موتەصيف بين، مەعلوماتمان هەبى ئەمە ذاتى خۆمان وفقى ئەو مەعلوماتانە كە موحاضەرەى پێشترێ لە خزمەتتان عەرزمان كرد لەگەر ئەو حەفت نوقاطانەى كە دەرسى پێشى حەفتەى پێشترێ بەحسمان كرد تەعامول دەكەين.

ئا ئەو چار نوقاطانەى حەفتەى پێشترێ لە خزمەتتان عەرزم كرد ئێستا ئيعادەى دەكەمەوە كە مەربوطە بە ذەواتى خۆمان ئەمە، ئەمەى ئەشخاص، ئەمەى ذەوات كو تەعامل لەگەر ئەسماء و ئەفعالى خواى دەكەين؟ كە دوو موحاضەرە پێشى ئێستا بە حەفت قاعيدە بەحسمان كرد. ئەوجە ئا ئەو چار نوقاطە رەئيسيە كە مەربوطە بە ذەواتمان، ئەمەى ذات، ئەمەى شەخص ئەوەى ئيعادە دەكەمەوە. كە دەبى ئەمە مەجموعە شت لە مێشكمان هەبى ئەوجە وفقى ئەو قەواعيدانەى كە مەربوطە بە ذاتى رب العالمين، ياخود ئەسماء و ئەفعالى ئەو وەختى وفقى ئا ئەو قاعيدانەى ئەرزى ئەمە تەعامول لەگەر ئەو حەفت قاعيدەيە دەكەين كە رب العالمين پێوەى ذيكر كرايە لە قورئان، ياخود لە حەديثەكانى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم). نوقطەى موهيم رەئيسى كە مەربوطە بەمە ئەويش ئەوەيە: هەموومان دەزانين مەعلومانە كە يەكەمين مؤمين بە ريسالەى ئومەى)محمد)ى محمد خۆى بووە (عليه الصلاة والسلام)، بە ئيجماع ئەو قەناعەتمان هەيە. پاشان ئەو)محمد)ە (عليه الصلاة والسلام) كە)رسول الله)ە لەخۆيەوە ئيمانى نەهينا، ئيننەما بە صيغەك موعەييەن، بە ئوسلوبەك موحەددەد، كە خودا دەيويست ئيمان بەخواى بينى ئەو ذاتە كە)رسول الله)ە بەو نەوعە

ئیمانی بە خوای هینا. ئسلوبی ئیمان هینانیش بە خوای کە محمد ئیمانی بە خوای هینا ئـەویش خۆی موبدیع نەبوو، خۆی موبتەکر نەبوو تێیدا، ئیننەما رب العالمین ئەوهای دەویست کە رسول الله محمد دەبی بەو نەوعەی ئیمانی پێ بینی. طەریقەی ئیمان هینانی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بـە ذاتـی رب العالمین، یاخود بە رۆژی ئاخیرەت، یاخود بە کوتوب، بە روسول، بە مەلائیکە کە ئەوە تەرتیبی ئیمانە لە بونیەی قورئانیی، دیسان ئەویش هەر خودا (جل جلالە) ئەوهای تەعلیم کردبوو بە داخیلی، وە ئەوهاش مەنهەجی لۆ هینا خوارێ. نەتیجە چ دەردەچی؟ ئیمان هینـانی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسلم) بەکـەیفی خـۆی نـەبوو.. نـەوعی ئیمانەکـە. دووەمین طـەریقـەی ئیمـان هینانەکـە، سـێ یـەمین تەفەهومی لەو ئیمانە وە کو تەحویلی دەکا لەبۆ واقیع، ئەوانە هیچ یـەك بـە دەستە خـۆی نـەبوو. لۆیـە رب العالمین لە مەقطەعەك لـە ئایـەتی قورئـان دەفـەرموی: (مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ) (الشوری ٥٢)، طەبعەن مەقصودمان ئەو نەوعە ئیمانـەی پێغەمبـەری (صـلی الله علیـە وسـلم) پاشـی غاری حیراء کە وەحی لۆ هاتە خوارێ، عیلاقەمان بە فەترەی زەمەنی پێشی نبووەت نییە. ئیذەن ئەو طەریقەیە، وە وەسیلەکانیش، وە نەوعی ئیرتباط دروست کـردن داخیلـی پێغەمبـەری (صـلی الله علیـە وسلم) لەگە ذاتی رب العالمین بە دەست پێغەمبەری نەبووە. طەریقەکەو، ئسلوبەکە، ماددەکە، ماددەی نەوعیەتی ئیمان هینان هـەمووی بـە دەسـت (رب العـالمین)ەوە بـوو. ئـەوە نەفـەری یەکـەم کـە ئیمـانی بـەخوای هینـا. لـەوێ لـە خزمـەتی رادەوەستین. روو لـە نەفـەری دووەم دەکـەین کـە ئیمـانی پـێ هینـا خەدیجە، نەفـەری سێیەم ئـەبوبـەکر، الـی آخـرە... رسـول الله محمـد (صـلی الله علیـە وسـلم) چـی پـێ درابـوو، چـی لـە کـن بـوو، ئەویشـی تەقدیمـی ئـەو ذەواتانـە کـرد. چـی دەدرایـێ، بـە چ ئوسـلوبەك دەیدرایێ، بە چ کەممیـەك دەیـدرایێ، ئەویشـی تەقدیمی دەوائیـری دەوروبـەری خـۆی کـرد. یەکـەمین شەخص کە ئیمـانی لـێ وەرگرت، وە ئیمـانی پـێ هینـا خەدیجە بوو. دووەمین ئـەبوبـەکر بـوو، بـەو تەسەلسولەی، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بە چ طـەریقەك ئیمانی هینا؟ بەعـەینی طـەریقە. بـە چ کەیفیە؟ بەعەینی کەیفیە. بە چ کەممیەك؟ بەقەد تەحەمولی موقابیل ئا ئەو ئیمانەی تەحویل دەکرد لـە کنەوان.

ئیذەن تەرتیبی قورئان، نزولی قورئان، پێشـی نزولـی قورئـان پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسلم) بـەو نەوعیەتەی خوای ناناسی، ئەمما پاشی ئەوەی کە وەحی لۆ هات بەو نەوعیەیەی خوای ناسی کە خوا دەیەوێ خۆی، نەك بەو نەوعیەیەی کە لـە مێشکی پێغەمبـەری مـەوجودە، ئەوجـە هـەر کـوەکـی بـی، یـاخود بـەو نەوعیـەیـەی کـە ئـەهلی کیتـاب لـە مێشکیان هەیـە ئەوجـە یـەهود بـن، جوولـەکـەکان، یـان نەصارا مەسیحیەکان. ئەوانە هەمووی لادا رب العالمین بەو نەوعیەتەی ویستی پێغەمبـەر ئیمـان بـە رب العالمین بینی کە خۆی رب العالمین دەیەوێ، بەعەینی طـەریقەش.

وه لەبەر ئەوەی هەر ئەوەی پێ صەحیح بوو رب العالمین لەبۆ ذاتی رسول الله وه ئەوەشی پێ صحیح بوو لەبۆ جەمعی صەحابەی کیرام. ئیذەن ئسلوبی وەرگرتنی ئیمانەکە، نەوعیەتی وەرگرتنی ئەو ئیمانەی، طەریقەی وەرگرتنی ئەو ئیمانەی بەس لەبۆ وان قاعیده نییه، ئیننەما ئیجماعی ئوممە دەبی بە عەینی طەریقه ئیمان وەربگری، ئەگەر هاتوو بەو طەریقەیە نەبوو معرفة الله ئەصلەن کە ئیمان بەذاتی خوا هینانه کە عیلاقەیە عەمودی بەینی ذاتی ئینسان و ئەو ذاتە، ئەو شەخصە لەگە رب العالمین ئا ئەوە خەلەلی دەکەوتێ، کە ئەوە خەلەلی کەتێ وفقی ئیرادەی خوای نەبوو ئیدی هەرچی مەراتبی ئیمانی پاشی وەی هەیە کە روکنی دووەم الایمان بالاخرة، روکنی سێیەم.. الایمان بالرسل، روکنی چارەم.. الایمان بالکتب، روکنی پێنجەم.. الایمان بالملائکة ئەوانە هەمووی خەلەلی دەکەوتێ. لۆیێ هەر خۆمان ئەمە باشترین شاهیدین لەسەر حالەی مەرەضی ئیمان، وه باشترین دەلیلیش لەبۆ صیحەتی ئیمان و، حەقیقەتی ئیمان ئا ئەو رموزانەیە ئا ئەو نەفەرانەیە کە ذکریان دەکەین لە زەمانی پێغەمبەر کە ئیمانیان وەرگرتیە و، ئیمانیان ئیحیا کردیە لە داخیلی خۆیان بە طەریقەی پێغەمبەر.

ئیذەن تەرتیبی نزولی قورئان ئەصلەکە لە مەوضوع لۆوەی فیعلەن وفقی ئەو ئەصلەی بتانی ئەو ذاتە، ئەو شەخصە معرفة الله وه وفقی ئیرادەی خوای، وه وفقی خەریتەی خوای لە داخیلی خۆی دروست بکا. بەبێ ئەوەی هیچ بەشەرەك لە ذەوات، وه هیچ ئەفکارەك، وه هیچ ئەدیانەك عیلاقەی بە مەوضوع هەبی. چونکی خۆی رب العالمین موختەصە بەو مەوضوعە ئا ئەوەی بەجێ نەهێشتیە حەتتا ذاتی رسول الله تەدەخولی هەبی.

ئیذەن ئەگەر شەخصی مؤمنی یەکەم حەققی ئەوەی نەبی خەریتە لە بۆ صیغەی وەرگرتنی ئیمان و دروستکردنی ئیمان دابنێ، ذەواتی پاشی خۆشی قەطعەن حەققی ئەوەیان نییە. لۆیێ دیسان ئیعادە دەکەمەوە ذەواتی خۆمان مەوجودین و غەیری مەوجودین لە شەبابی صەحوە باشترین مەثەلە لەبۆ حالەی مەرەضی ئیمان، چونکی فیعلەن خۆمان کافیە لەسەر خۆمان، شەهادەتی خۆمان لەسەر خۆمان کافیە، کە چەند قصوری نەوعیمان هەیە لە فەهم، لە تەصەور، حەتتا لە ئەعمالیشمان کە ناومان نایە صالیحە، وه زۆرجاریش تیکراری ئەوەی دەکەمەوە لە خزمەتتان هەر نوێژمان باشترین دەلیلە، ئەو نوێژەی کە نوێژی عەسر لێرە کردمان لەگەر نوێژی ذاتی رسول الله، یان لەگەر ذاتی ئەبوبەکر صدیق (رضي الله عنه وأرضاه). کە فاریقەکی زۆر هەیە بەینی نوێژی مەو نوێژی وی، ئەو فاتیحەیەی کە ئەوان دەیانخیند نەفسی ئەو فاتیحەیەیە کە ئەمە دەیخینین، نەفسی چار رکعاتەکەیە ئەمە دەیکەین ئەوانیش هەر ئەوەندەیان کردیە.

خەلەلی ئەصلی لە صیغەی معرفة الله کە بەو طەریقەیە بەو ئوسلوبەی نییە، وفقی ئەو طەریقەو ئوسلوبەش نەبی عیلاقەی ئەو ذاتە لەگەر رب العالمین بە خەلەل دروست دەبی، نەتیجە ئەو زەرەر

ناکا ذاتەکە زەرەر دەکا. باشترین دەلیلیش دیسان ئەعمالی ئەو ذەواتانەیە، خەلەل تەمەشاکە لە ئەعمالی خۆمان نەقص نەقص چەندە مەعلومتانە ئەوە موکەڕەرە مەوضوعەکە لە سورەتی فاتیحەوە هەتا(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ) (الناس ١) رب العالمین ئەگەر بەحسی ئیمانی کردبی عەمەلی پێوە رەبط کردیە، عەمەلەکەشی تەشخیص کردیە، تەحدید کردیە بە الصالحات (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) (العصر٣) هەتا (آمَنُوا)ەکە، ئەوە قاعیدەیە لە قورئان، هەموو قورئان ئەوهایە (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)(العصر٣) هەتا (آمَنُوا)ە کە سەتا سەت وفقی ئیرادەی خوای نەبی (عملوا)ەکە وفقی ئیرادەی خوای نایێ نسبیە. لەبەر ئەوەی عەمیلوەکە نسبیە، (صالحات)ەکەش تێیدا نسبیە. خەلەل لە ئەصلە فەرعەکەش تابیعیتی، عملوا تابیعە، صالحات تابیعی عملوا. (آمَنُوا)ش هەتا لەگەر ذاتی رب العالمین عیلاقە وفقی ئیرادەی خوای نەبی هەر ئەو خەلەلە دەمینێ. ئیذەن تەرتیبی، یاخود صیغە، یاخود قاعیدەی عیلاقە دروست کردن لەگەر ذاتی رب العالمین دەبی وفقی ئیرادەی خوای بی. قەضیە علم الکلام نییە، کوتوبی عەقائید عیلاجمان ناکا، قورئان وە ئوسلوبی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) کە کو لەو قورئانەی وەری گرتیە ئەوە دەرمانمانە.

نوقطەی دووەم گوتمان: ئەو حەجمەی، ئەو کەممیەیەی کە ئیسمی رب العالمین، کـ(رب) مەثەلەن چەندی گوتبی، چەندی تیکرار کردبی، چەندی ضەوء دابیتێ، چەندی تەئکیدی لەسەر کردبی رب العالیمن لە قورئان، یان لە حیکمەتی رسول الله (صلی الله علیه وسلم) ئەوەندە ئەمە موحتاجین پێوەی. رب العالمین کەلیمەی رب دوو سەت و قسور جێ ذیکری کردیە، کەلیمەی الله نۆسەت و قسور جێ ذیکری کردیە، کەلیمەی ئەکرەم یەك جار ذیکری کردیە. بەدەنی ئینسان کو ئەصلەن مەخلوقە ئەوەندە ڤیتامین سی وەربگری، ئەوەندە ڤیتامین بی وەربگری، ئەوەندە ڤیتامین ئەی وەربگری ئەوە بەدەنی ئەوها مەخلوقە. بەعزە جار ئەگەر زیاتر بخوا وەکو پرۆتینات نەخۆشی لێ دروست دەکا پێی دەگوترێ داء الملوك گۆشتی لێ قەطع دەکا دختۆر، چونکی پرۆتینی زیاد وەرگرتیە. ڤیتامین سی زیاد وەربگری نەخۆشیەکی تکەی لێ دروست دەکا قاعیدەیە ئەوە، کەمیش وەربگری نەخۆشی لێ دروست دەکا، فەقری لێ دروست دەکا، ضوعفی لێ دروست دەکا. ئیذەن بەدەنی ئینسان موحتاجە بە نەوعیەك موعەییەن، وە بە کەممەك موعەییەن لەو ماددەیە. واضحە. ئەگەر هاتوو زیاتری وەرگرت هەر ضەرەرە، کەمتری وەرگرت هەر ضەرەرە.

رب العالمین جل جلاله وعظم شأنه لە بۆ ئەوەی حاجەی داخیلی ئەو ئینسانە کە فیطرەو ئیمانە تێیدا چەندی موحتاجە لە بۆ دروست کردنی عیلاقەی صەمیمی، عیلاقەی صەحیح، الایمان الحق چەندی پێ دەوێ ئەوەندە جار ئیسمی خۆی ذیکر کردیە لە قورئان، وە ئەوەندە جاریش ئیسمی خۆی ذکری کردیە لە حیکمەتی (رسول)ەکەی. لۆوەی فیعلەن بەو کەممیەیەی ئا ئەو ذکرە وەربگیرێ، بەو

کەممیەیەی وەکو ڤیتامینەکەی بیلا تەشبیە ئا ئەوە وەربگیرێ. کو؟ مەثـەلی دووەم نەفەرەك نـەخۆش دەبی دەچێتە کن دختۆر، دختۆر تەشخیصی نەخۆشیەکەی دەکا، پاشی تەشخیص عیلاجی لەبۆ دادەنێ، عیلاجەکەی دەرێ ئەو حەبە ئەوەندە جارە دەخۆی، بەوەندە سەعاتەش دەخۆی، حەب دوو حەب دەخۆی سێ حەب دەخۆی هەر شەش سەعات دوو حەب دەخۆی. کەممیەی حەبەکەی لۆ تەحدید کردیە، وە زەمەنی وەرگرتنی حەبەکانیشی لۆ تەحدید کردیە. لۆ؟ لۆوەی فیعلەن ئا ئەو نەخۆشیەی کە لەبۆی تەشخیص کردیە بەو کەممیەتەی عیلاج دەبی، لەبەینی ئەو کەممەش ئەو زەمەنە هەیە ئەویش جوزئە لە عیلاج.

ئیذەن ولله المثل الاعلی چەند جار رب العالمین وە بە چ ئسلوبەکیش رب العالمین کە ذاتی خۆی تەعریفی مە کردیە دەبی بە عەینی ئوسلوب، وەبە عەینی کەممیە وەربگرین ئەمە. کەمتر لەوی، زیاتر لەوی خەلەل دروست دەکا لە داخیلمان. مەثەلیشمان هینا حەفتەی پێشی لە خزمەتتان. زۆر لە ئومەمەکانی سابیق جوزئەك لە ئەسمائی حسنای (رب العالمين) یان وەردەگرت ئەجزائیتکەیان بەجێ دەهێشت، کە دەهاتن تەعامولیان لەگەر ئەو جوزئەی دەکرد ئەجزائیتکەیان بەجێ دەهێشت رب العالمين بەو جوزئەی کە ئیهمالیان کردیە موحاسەبەو، موعاقەبەی دەکردن. لۆیە تەماشاکەن ئومەمی سابیق خەلەلیان لەو بوعدەیە، صیغەی معرفة الله خوای بناسن، وە کو عیلاقە لەگە ذاتی خوای دروست کەن؟ کە خەلەل لەوەی دروست دەبوو خوا لە ذهنیان لانەچووە، ئەمما دەهاتن حصەی خوای ولله المثل الاعلی، حەققی خوای لە جوملەك ئومور لەو کەونەی لەو مەخلوقاتەی سەحبیان دەکرد دەیان دا مەخلوقاتیتکە، ئەوجە بەشەر بایە، بەرد بایە، شەیاطین بایە، ئەفلاك و ئەجرامی سەماوی بایە، لە قورئان هەمووی ئیلحاد نییە، هیچ زەمەنەك نەبووە بەشەر وجودی لەسەر کورەی ئەرز برێ خوا نییە. ئەمما صیغەی عیلاقەی لەگەر ذاتی رب العالمین ئەو بووە خەلەل، ئەنبیاء و رسولیش کە هاتینە نەك خوا سەرلەنوێ بە ئینسان بناسێنن نەخێر، عیلاقەی بەینی ئا ئەو ذاتە لەگەر رب العالمین خەلەلی تێدایە ئا ئەوی تەصلیح کەن.

لۆیێ طولی قورئان لە سورەی (فاتحة)وە هەتا ئەخیر بەحسی ئەوەی ناکا نەفەرەك هەبی ئیمانی بە خوای نەبی. ئیذەن کەممی مەوجود لە ذاتی قورئان وە بە تەرتیب وە بەو حەجمەش ئەوە دەرمان لەبۆ چۆنیەتی عیلاقە دروست کردن لەگە ذاتی رب العالمین وە بەو کەممیەیەی وە بەو کەیفیەش کە خوا دەیەوێ.

سێ یەمین: ئەمە ناکرێ روئیەمان بە نسبەت ذاتی رب العالمين تەجزیئە کەین، مەقصەدمان چیە لەوەی؟ لە ناو داخیلی مە شەیاطین ئینس و جن ئیشیان کردیە، وە ئیشیش دەکەن ئەوەی کە ئیش دەکرێ دانانی ئا ئەو غوبارو تۆزەیە لەسەر فیطرەی ئەو ذاتە. لە چ بوعدەك؟ لە بوعدی ئەوەی

ئەگەر هاتوو ئەو ذاتە عیلاقەشی لەگەر خوای مەوجود بوو، ئەمما عیلاقەکەی موججەزەء بوو لەسەر جوملەك ئەسمائی حسنای (رب العالمین)ی بینا کرد، جوملەکی تکەی ئیهمال کرد، یاخود تەحجیمی کرد، حەصری کرد، گچکەی کردەوە بە تەصەوری خۆی ئەو وەختی خەلەل لەوێوە لەبۆی دروست دەبی، شەیطان لە وێوە لەبۆی دێ.

مەثەلەن: لەناو فیکری ئیسلامی مەدارسی متەنەویع هەبووە هەر پاشی وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) خەواریج ئیجاد بوینە، خەواریج فیکری خاصی خۆیان هەبووە. عەکسی خەواریج ئیرجاء پەیابوە فیکری خاصی خۆیان هەبوە. دەی بە تەسەلسول هەتا طولی تاریخ بە عەشەرات ئەفکار هەیە حەتتا ئەقصای کوفریش هەیە هەر لە تاریخ وەکو قەرامیطە، وەکو بەرامیکە. وەسەطی هەیە وەکو زەیدیە هەیە، ئیسماعیلیەو، کیرامیەو، ئیباضیەو، الی آخ...، ئەوە هەمووی ئەصلەن تەصەوراتی لەسەر ئا ئەو بوعدە تەجزیئیە دروست بووە. مەثەلەن: خەواریج دائیمەن تەئکید لەسەر ئەو بوعدەیان کردیە خوا حەسیبە ئەوە لە مێشکیان تەضخیم بووە، خوا حەسیبە سەبر سەبر حەسیبی خوای هاتتە ناو داخلیان، خۆیان تەقەموصی حالەتی حەسیبی خوایان کردیە، لۆیە لە واقع کە تەعامولیان کردیە لەگەل موقابل بەو سیفەتە تەعامولیان کردیە، موجتەمەع بەشەریەت، گەیشتینە مستەوایەك بەشەریەت هەمووی کافرە بەس ئا ئەو هەزار و قصور نەفەرە نەبی، حەققی ئەوەیان هەیە صیفەی حەسیبی خوای سەحب کەن لە بۆ خۆیان خۆیان حوکم کەن لەسەر موقابل. لۆیێ ئیمامی علي، لە مەجموعەی ئیمامی علي بوون ئیمامی (علي) شیان کافر کرد، بەناوی ئەوەی( إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ((یوسف ٤٠) فەصلی حوکم، صیفەتی، یاخود فیعلی، یاخود ئیسمی ربانی حسیب زیاتر تەضخیم کردن لەسەر بوعدی تکە ئەو وەختی ئەو حالەتە لەناو داخلیان دروست بوو.

لە فیکری تکە ئەفکاری پاشی وان ئیرجاء مەثەلەن، یاخود قەدەرییە لەسەر کەلیمەی (خَلَقَ فَسَوَّى)(الاعلی ٢)(قَدَّرَ فَهَدَى) (الاعلی ٣) الله قادیرە، وە قەدیرە گوتیان هەرچی لە وجود هەیە قودرەت لەبەشەر مەسحوبە، سەحب کرایە هەمووی درایتە ذاتی رب العالمین ئەمە خۆمان مەوقعمان لە وجود وەکو پەڕە مووەکە، وەکو ذەورەکە هەوایەکی بە قووەت کو بیەوێ بیهینی و بیبا دەیبا و دەیهینی، وەکو ریشە، پەڕەمووچە.. پەڕەمووچەك کو هەوا خەفیفە هەوا دەیهینی و دەیبا ئەمە هەموومان لە قەدەری خوا ئەوهاینە، خوا دەمان هینی و دەمان با سەبر سەبر مەوضوعەکە وەی لێ هات سەریان لەوەی دەرچوو ئەوەی کوفریش بکا هەر خوا ویستیتی، خوا لەسەری نووسیە.

کابرایان دەگرت جەلدەی لێ بدەن دەیگۆ خوا لەسەری نووسیمە، ئەگەر خوا ئیرادەی نەبایە ئەمن ئەو گوناهەم نەدەکرد. فەصلی تەجزیئەی ئمور وە ئیزدیواجیەت لە صیغەی عیلاقە دروست کردن

لەگەر ذاتی رب العالمین، ئا ئەو تەجزیئەیە جوملەك لە حیصەی خوای وەربگری بداتە پار حصەی تكە ئەو وەختی رب العالمین موتتەهەم دەبوو. كابرا ئیجرامی كردیە، دزی كردیە وەكو لە زەمانی ئیمامی عمر ئەصلیان لەو زەمانەی پەیا بوو دزی كردبوو هینایان موحاسەبەو موحاكەمەی بكەن بەرامبەر ئیمامی عمر فەرمووی (كان قدرا مقدورا) خودا لەسەری نووسیمە، فەرمووی: جارێ چل جەلدەی لێدەن (كذب على الله)، پاشان ئەوجا دەستیشی ببرن لأنە سرق. دوو حوكمی لەسەر تەطبیق كرد یەكەمین چل جەلدەی لێدەن چونكی (رب العالمین) ی موتەهەم كرد.

لایزالیش لە ناو فیكری ئیسلامی ئا ئەو مەوضوعە مەوجودە خاصتەن لە ناو فیكری عەوام، حەربی عێراقی و ئێرانی خوا نووسیتی، حەربی خەلیج خوا نووسیتی، ئەو وەضعە خوا نووسیتی ئەوە قەدەرەی قەدیمە. ئیرجاء عەكسی وەیە خودا هەر دەسەلاتی نییە موطلەقەن، هەمووی ئینسانە دەیكا دائیمە هەر ئیفراطەك تەفرِیطەكی لەدوە، مەثەلەن بیلا تەشبیە برێین سێ چار بەرداغمان لەكنە بنەكانیان یەكە، بنەكانی بەرداغی كون بی، بنی بەرداغەكان لە كێهانیان بكەی ئاو مەستەوای هەر سێ كیان دەگاتە نەفسی مستەوا، پێی دەگوترێ أوانی مستفرقة. لەو مەجموعە ئیسمەیان سەحب دەكرد لەوان وابی كە سەحبیان كرد نادەنە پار ئیسمەكانی تكە، ئەسمائی رب العالمین نەیان دەزانی دەكەونە مەئزەقەكی دی. ئەوجە ئا ئەو فیكرە مەوجودە لایزالیش ئیرجاء عەكسی وەی ئێستا مەوجودە.ئەوە سەبەبی چیە؟ لەبەر ئەوەی تەصەورەكی شامیل بەنسبەت ذاتی رب العالمین لە ئەسماء و ئەفعالی خوای نییە لەناو ذەواتان لۆیە ئەو حالەتە پەیا دەبی.

نوقطەی چارەم: صیغەی وەرگرتن لە قورئان، وە صیغەی وەرگرتن لە حیكمەتی پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم) ئەویش دەبی موراعاتی قورئان بكرێ، نەك موراعاتی زمانی عەرەبی. مەعلومتانە رب العالمین بە لیسانی عەرەبی ئەو قورئانەی دابەزاندیە لە چەند جێیەك رب العالمین تەذكیرمان دەكا(بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ)(الشعراء ١٩٥). لەمە وابی كەلیمەی لیسان یەعنی لوغە، عیلمەن لیسان و لوغە عاردو عاسمان فەرقیان هەیە. لوغە ئا ئەو قسەیەیە ئێستا ئەمن دەیكەم بەوەی دەگوترێ بە عەرەبی لوغەی كوردی، اللغة الكردية. ئەمما لیسان غەیری وەیە لیسان هەرچی تاریخ هەیە توراث، عاداتی بەشەری، هەڵسوكەوتیان، واقعیان، حەتتا دیكۆری دەموچاویان، تەعابیری چاویان، حەرەكەی دەستیان هەر شەعبەك ئەو هەموو جوملە ئمورە جەمع ببی بە تاریخ و، بە وجود و، بە واقیع و بە هەموو شتەكیان بە موستەقبەلیان تەعبیر لەوەی دەگوترێ لیسان. بەو هەمووەی دەگوترێ لیسان. بەس قسە كردنەكە لوغەیە، ئەو تەسجیلە كە قسان دەكا ئەوە لوغەیە، بەس گێمان ئیستیعابی قسەكەی دەكا. ئەمما ئەگەر هاتوو دەست حەرەكەی كرد، برۆ حەرەكەی كرد، چاو حەرەكەی كرد ئەوە نابتە لوغە دەبتە لیسان. رب العالمین قورئانی بە لیسان دابەزاندیە نەك لوغەی عەرەبی

مەعلومتان بی ئەوە موهیمە ئەو نوقطەیە. قورئان بە(بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ) (الشعراء ١٩٥) هاتتە خوارێ نەك لوغە ئەمە زۆر جار جورم دەكەین لە حەققی قورئان، مەثەلەن پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) كە قسان دەكا حەرەكەی بە دەستی كردیە، مەثەلەن كە نەیویستیە زۆر جار بە زمان نەیگۆتیە لا دەستی ئەوها لێ كردیە)بەلای راست و چەپ دا جوولەی پێكردیە(ئەوەش لیسانە، هەمووشمان دەزانین ئەوها یەعنی نەء. زۆر جار ئینسان نارێ نەء، دانیشتیە پێی دەرێ ئەوەی بخۆ خواردیتت؟ چوء، ئەوەش یەعنی نەء. ئەوەش لیسانە. لە ناو فارس، ئێران نازانم ئەوەی لەناو فارس ژیا بی ئەوەش ئیستعمال ناك(لێرە مەقصەدی بەدەست ئیشارەت ناكا)، (چوء)یش ئیستعمال ناكا، كە پێی بلێی نەخێر بە چاو ئەوها دەكا)برۆی هەردەتە كێنی(یەعنی نەء برۆی هەردەتە كێنی یەعنی نەء، ئەوە لیسانیانە لەبەینی خۆیان تەفاهومیانە ئەوە، بەلێ مەثەلەن زۆر جار مەثەلەن دەتەوێ تەهدیدی یەكەكی بكەی بەبێ زمان ئەوهای لێ دەكەی (لێرە پەنجەی شەهادەی راوەشاندیە) ئەوە لیسانە، عیلمەن هەمووشمان تێدەگەین، وەیە یان نا؟ هەمووشمان تێدەگەین ئەو لوغەیەی، نەك بەس ئەوەی ئەمە تێی دەگەین كابرای گێشی نەبی كەڕیش بی ئەو لوغەیە تێدەگا.

ئیذەن ئەوە ئەعمەق ترە نەك بەس ئەو حەرەكاتانە زۆر جار داخیلی ئینسان بە زمان تەعبیر ناكرێ ئەو تەعبیرە ئەوە هەمووی لیسانە قورئان (بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ)(الشعراء ١٩٥). ئیذەن ئەگەر هاتوو ئەمە ئەو هەموو لیسانە عەرەبیەمان هەموومان كردە فاعل و، مفعولی فعل، حرف و جر ئەو وەختی گەورەترین ظولممان لەو قورئانەی كردیە، بێین قاعیدەی سیبەوەیهی لەسەر قورئان تەطبیق بكەین عیلمەن سیبەوەیهی خۆی فارس بوو گەورەترین جورمان لە حەق قورئان كردیە، نازانم تێمدەگەن یان نا؟ لیسان بێین تەحدیدی كەین، تەحجیمی كەین بە لوغە ئەو هەموو شتە ئەو هەموو جوملە ئمورە بیكەینە بەس قسە كأنە بیلا تەشبیە حاشاكی (رسول الله) ی محمد (صلی الله علیە وسلم) پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) كاسێت بووە، شریتەك بووە قسەی كردیە فەقەط.

لۆیێ كە دێین ئەمە تەعامول دەكەین لەگەر أسماء الله بە لوغەی عەرەبی تەعامول دەكەین نەك بە لیسانی عەرەبی، لۆیە ئەو حەیەویەتەی، ئەو حەقیقەتەی لە كەلیمەی رب هەیە لوغە ناتانی بمان داتێ، ئیشباعمان كا، تێرمان كا ناتانی. لۆیەش كە دێین تەعامول دەكەین لەگەر ذاتی قورئان بەو نەوعەی تەعامول دەكەین ئەو نەوعە هیشكە، ئەوها جەفاف. سەبەبەكەی چیە؟ وە تێدەگەین فیعلەن قورئان لوغەیە. تەحویلی لیسان لەبۆ لوغە لوغەش ئیللا دەبی موتەحەكیم بی، زەیدو عوبێد دەستەی موتەحەكیم بی، فاعل و مفعول و، حەرفی جەرو، مەصدەرو، ئیسم و ئا ئەوانە. ئەو وەختی كە ئەوانە داندرایە ئەوانەمان كرتە قاعیدە لەبۆ فەهمی قورئانیش، كو قەلب بووە قاعیدە قورئان خۆی قاعیدەیە لەبۆ حیفظی لیسانی عەرەب و لیسانی بەشەریەتیش، هاتینە غەیر لەبۆ لیسانی عەرەبی

لوغەیان دانایە، لەبۆ تەفاهومی لوغە قەواعیدیان دانایە، ئەلعان قاعیدەکان بوینە موهەیمن لەسەر لیسانی عەرەبی وە بالذات لەسەر قورئان.
لۆیە تەماشای تەفاسیر بکە لە زۆر جێ کابرای موفەسیر ناتانی دەرچی لە مەوضوع، موقەییدە بە ذاتی کەلیمە کأنە قانونی حوکومەتەکە، دەولەتەکە ئەویش موحامیە لەگەل کەلیمەکەی دەبی تەعامول بکا، لە حدودی کەلیمەی دەبی تەعامول لەگەر قورئانەکەی بکا. نازانی ئەوە لیسان بووە فیعلەن نەك لوغە، ئیذەن کە دێین تەعامول لەگەر کەلیمەی الله دەکەین جل جلالە وعظم شأنە دەبی بەو حەیەویەتەی تەعامول لەگەل ذاتی الله بکەین، نەك ألف و ألف لام و لام و هائە لە ألیهە وەرگیرایە، ألیهەش لە وەلەهەیە. فلان عالیم گۆتیتی ئەوە تەصریف دەبی، فلان عالیم گۆتی وە الله تەصریف نابی. ئەوە أسم الذاتە ئەوانە هەمووی تەحجیمی ئا ئەو فیطرەیەیە کە لە داخیلمان مەوجودە، بە تەصەوری خۆم بە هەموو قەناعەتیشم ئەو قسەیە دەکەم، فیعلەن پاشی زەمانی پێغەمبەر کوفر زیرەك بووە تانیتی جوملەك قیود دابنێ لەبۆ فەهمی قورئان یەك لەوانە لوغەی عەرەبی بووە.
ئەو قاعیدەی کە ئێستا داندرایە، قاعیدەی عەرەبی کە ناوی قەواعیدە، بێ تەحجیمی قورئان بکا و حەصری قورئان بکا لە مەفاهیمەك موعەییەن نەوعی کە کابرای ئیللا ئەوەی لوغەی عەرەبی نەبی لە مەفاهیمی قورئان نەگا. لۆیە گەورەترین ئیشکال کە ئەمە دێین تەعامول دەکەین لەگەر أسماء الله الحسنی لە قورئان دێین وفقی ئا ئەو ئەسمائانە تەعامول دەکەین، نازانین جارێ ئەصلی ئەو کەلیمەیە کابرای عەرەب لیسانەکەی کو بووە کە تەعبیری کەلیمەی ر ب ی کردیە؟ مەقصەدی چ بووە؟ کە لە کەلیمەی الله جل جلالە گەیشتیە کوی تانییە تەعامول بکا لە واقعی خۆی؟ ئەوانە هەمووی لەکنمان مەجهولە. کە مەجهولە بە موفرەداتی لوغەی عەرەبی لۆیێ لیسانی عەرەبی لە کنمان تەقویض بووە بویتە لوغەی عەرەبی، لوغەی عەرەبیش ئەو قەواعیدانەیە، ئەو قەواعیدانەش حەصری قورئان بکا. لۆیێ عیلاقەمان کە ئەصلی قەضیە بەینی مەو بەینی رب العالمین (معرفة الله)هە ئا ئەو مەحجوبە، مەحصورە لە وفقی مەفاهیمی لوغەی عەرەبی حەل لەبۆوەی چییە؟ حەل لەبۆوەی ئەوەیە فیعلەن دیسان فیطرەی بەشەری خۆمان تەنقیەو تەصفیە بکەین بە قیرائە، وە قورئان کما هو وەری بگرین بەبێ تەدەخولی بەشەری ئەو وەختی لە ئیسمی رب، وە ئیسم الله، وە ئیسمی سمیع، وەئیسمی علیم ئەوانە هەمووی تێدەگەین، وە دەتانین فیعلەن تەعامولیشیان لەگەر بکەین.
ئەوە ئەو چار قاعیدەیە بوو کە لە خزمەتتان بەحسمان کرد وفقی ئەو چار قاعیدەیە ذەواتمان، شەخصمان طەبعەن ئەوهام پێ باشە بەو نەوعەی تەعامول بکەین لەگەل أسماء الله الحسنی، حەفتەکەیتکەش حەفتی دی کە پێشی دوو دەرس بەحسمان کردیە ئەویش مەربوطە بە ذاتی رب العالمین، ئیذەن ئا ئەو حەفتە ذاتی (رب العالمین) مان لەبۆ تەعریف دەکا ئەمەی عیبادی فەقیر وفقی

ئەو چارە تەعامول لەگەر ئا ئەو ذاتە دەکەین ئەو وەختی فیعلەن معرفة الله لە داخیلمان دروست دەبی وفقی تەرتیبی نزولی قورئان، وە وفقی صیغەی ئیمان هینانی رسول الله محمد (صلی الله علیە وسلم). لە نییهایەت رەجا دەکەم لە باری تعالا کە ئیمانی حەقمان بە نسیب بکا، مەعریفەی خۆی صەحیحمان بداتێ، تەرشیدمان بکا خۆی رەشیدە، هیدایەتمان کامل کا، وە تەوفیقمان بدا فیما یحبە ویرضاە. بەس دوو ملاحەظەم هەیە طەلەبم هەیە ئەویش رەجاتان لێ دەکەم وەکو خزمەتکارەك کە لە موحاضەرە، دەرس دەردەچن نەفسی کەلیماتی من نەقل کەن کە ئەمن لێرە بەحسم کردیە، نەفسی کەلیماتی من فەهمتان لە مەوضوع کە نەقلی دەکەن لە لای ئیتجاهاتی ئیسلامی و، لە لای بەعزە موسڵمان و، بەعزە مەلا بویتە ئیشکال فە ئەو ئیشکالە لە بۆ من مایتەوە ئەگەر دەتانەوێ ئەمانەی عیلمی وە تەقوا لەو مەوضوعەی هەبی. نەفسی کەلیمات نەقل بکرێ، چونکی چەند جارە برا کە لێرە(ناو مزگەوت) دەردەچی عیلاقەی هەیە بە ئیتجاهەکی ئیسلامی قۆندرەی سەر چاوم، ئەمما ئەوەی لە مەوضوعەکەی تێ گەیشتبی ئەوەی نەقل دەکا لەبۆ مەسئولی خۆی مەسئولەکەش دەی فەوق فەوق پاشان مەوضوع دەگاتە کنە من، پاشان ئەمن تەمەشا دەکەم ئەمن گۆتم یەك قەل لەبۆم دەگەرێتەوە نۆهەت ونۆ قەل ئەوهای لێ دێ، هەر ئیسپات کە بابە ئەمن لە نۆهەت وهەشت بەریئم کابرا دەرێ نەخێر ئەمە نەفەری خۆمان لەوێ ئەو بەحسەی کردیە. فەرجای ئەخەوی ئەوە نوقطەی یەکەم. نوقطەی دووەم ئەگەر خوا لوتفی لەگەر کردین مانگی رەمەزان تەشەروفی کرد محاضرەمان دەبتە سەعات دوو ئەگەر ماین، لەبەر ئەوەی جەنابی مامۆستا خوا خێری بنوسی پاشی عەصران رۆژانی رەمەزان دەرسی هەیە فە مەجبورین ئەمە موحاضەرەی خۆمان تەقدیم کەین نەفسی پێنج شەممان سەعات دوو خزمەتکارتان لە خزمەتتان دادەنیشی. نوقطەی سێ یەم یەکتری لەبیر نەکەین لەو لەحەظاتانەی کە بەینی خۆمان و بەینی رب العالمین صافە. أقول قولي هذا واستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون والسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.